**به نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣٨**
**رۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٣/٥/١٨**

# " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی برگـە (١)ی مـاددەی پەنجاوشـەش لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٥/١٨)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا:

**یەکـەم:** ئەنجومەنی سەندیکای پـارێزەرانی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، لـە رۆژی تـەواوبوونی ماوەی خولی ئێستایەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ئیدارەی کاروباری سەندیکاکەدا بەردەوام دەبێ.

**دووەم:** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چـوارەم:** ئەم بڕیـارە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە (وەقـایعی کوردسـتان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**